عێراق.. مانگی ئابردوو 1136 زیندانی ئازاد کران



ئەمڕۆ شەمە وەزارەتی داد رایگەیاند، لە مانگی ئاب 1136 زیندانی لەبەغدا و پارێزگاکان ئازادکران، لەنێویاندا 471 زیندانی بەپێی بڕیاری دادوەریی جیاوازکان ئازاد کراون.

لە بەیاننامەیەکی وەزارەتەکەدا هاتووە : دەزگای مانگانەی ئو ئازادکردنانەی کە لەلایەن دەزگای چاکسازی عێراقەوە لە ماوەی مانگی ئابی 2025ئەنجامدراون بریتی بوون لە ئازادکردنی 1136 زیندانی لە بەغدا و پارێزگاکان، لەنێویاندا 471 زیندانی کە بەپێی بڕیاری دادوەریی جیاوازکان ئازادکراون.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژەی بۆشکردووە : دەزگای چاکسازی بەردەوامە لە چاودێریکردنی وردی کەیسەکانی ئازادکردن دوای تەواوکردنی هەموو مەرجە یاساییەکان، دەنیابوون لەوەی کە ئەرکەکانی بەپێی کەیسە کارپێکراوەکان و بە بەرزترین ئاستی شەفافیەت ئەنجامدەدرێن، ئاماژەی بۆشکردووە، ئەم هەنگاوانە لە چوارچێوەی هەوڵەکانی وەزارەتی داد دا دێت بۆ پاراستنی مافی زیندانییەکان و ئاسانکاری بۆ گەڕانەویان بۆ ناو کۆمەڵگا دوای تەواوبوونی سزاکانیان، هاوکات کار لەسەر چاودێریکردنی بارودۆخی یاسایی و کۆمەڵایەتییان دەکرێت بۆ دەنیابوون لە چاکسازی کاریگەر و یەکگرتنەویان.